# پـــاریزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [( 3214 )SUL. G.] ساڵی ٢٠٢١**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی: بەڕێوەبردن و چاکسازی بلواری شەست مەتری مەلیك مەحمود لە سلێمانی.

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای **پـــارێزگای سلێمانی** (کاروباری هونەری/ ب.گریّ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبــەر (300,000) سێ سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

١- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی (13 / 7 /2021 ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( 2/ 8 /2021 ) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( 5 / 8 /2021 ) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی ( 5 / 8 /2021 )دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر (١٠) ی پێش نیوەڕۆ لە پارێزگای سلێمانی/ بەشی گرێبەستەکان.

٤- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٥-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (٣٦٥) سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژی ڕۆژژمێری

٦- ئەگەر ڕۆژی ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشووی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشووەکە دەبێتە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر .

٧- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٨- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2021.

٩- پێویستە بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی ڕێگە پێدراو ( تخویل ) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

١٠- پێویستە کۆمپانیا پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابن بۆ ساڵی 2021

١١- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

١٢- بارمتەی سەرەتایی ٣٨,٠٠٠,٠٠٠ سی و هەشت ملیۆن دیناری عیراقی بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١٤٨) ڕۆژ لە بەرواری داخستنی سندوقی تەندەر

١٣- پێویستە لەسەر لایەنی جێبەجێکار بڕی (٧٥,٠٠٠,٠٠٠) حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری عیراقی بە کاش جگە لە خطاب ضمان حسن التنفيذ لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی دابنێت بۆ چاککردنەوەی هەر کەم وکورتیەك ،دوای ئاگادارکردنەوەی لایەنی جێبەجێکار لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە لە ماوەی ٧ ڕۆژدا هەستێت بە چاککردنی ئەو کەم و کورتیانە بە پێچەوانەوە لە کاتی چاك نەکردنەوەی کەم وکورتیەکان بە بێ گەڕاندنەوە بۆ دادگا و بەڵێندەر بێ قەرە بوو کردنەوەی لایەنی جێبەجێکار لە ڕووی مادییەوە لەسەر ئەو برە پارە کاشە ئەو کەم و کورتیانە چاك دەکرێتەوە لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە .

١٤- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

١٥- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (١٢٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٦- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپاریزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١٧- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

١٨- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٩- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٢٠- پێوستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

٢١- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرختەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بکات.

٢٢-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری وراهێنان /تەندەرین بکات .

### ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١-ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆیی یانەی بەشداری دەکەن پێویستە پلەی پۆلین کردنیان لە پلە (١-٤) دا بێت و ناسنامەی پۆلین کردنیان پێبێت کە لە ( وەزارەتی پلان دانان ) ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت کە پێویستە کاری سەوزایی یان جێ بەجێ کردبێت یان بە شێوازی (joint venture) جۆینت ڤێنجەر لەگەڵ کۆمپانیایەك کە کاری کشت و کاڵی کردبێت.

٢- ئەو کۆمپانیایانەی کە بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیایان بۆ بازرگانی گشتی و کاری کشتو کاڵ هەیە کەلە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەرچووبێت و پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابێت وە پێناسی ژووری بازرگانیان هەبێت و ماوەی بەسەرنەچووبێت دەتوانن بەشداربن.

٣- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٤- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**

**جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ**

**کاروباری هونەری**

٢٠٢١/ ٧/ ١٢

تێبینی:

١-کۆمپانیا پێش کرینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

٢-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی ( سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ).

وێنەیەك بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن .
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگاداریتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ماڵپەری www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بلاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ل.کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان |